# شانەکردنی قژی تەڕ باشترین ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون لە ئەسپێ

**ئەسپێ ی قژ یان پرچکی کچان یەکێکە لەوگیروگرفتانەی منداڵ و لاوی گەلێك کۆمەڵگای دنیای هەراسان کردووە . هەرچەندە چەندین ماددەی کیمیایی هەیە و بەکاردەهێنرێت بۆ لە ناوبردنی ئەسپێ بەڵام تێبینی کراوە کە گیروگرفتەکە وەك خۆی ماوە .**
**ئەنجامی توێژینەوەکانی** London School of Hygien and Tropical Medicine **کە لە گۆڤاری پزیشکی** BMJ **ڕۆژی** 5 **ی ئاوگوستی** 2005 **دا بڵاوکراوەتەوە ڕوونی دەکاتەوە کە :**
**توێژینەوەکەیان** 126 **لاوی گرتبووەخۆ کە ئەسپێ لە سەریاندا هەبووە ،** 56 **کەسیان** (Bug Buster kit) **یان وەرگرتبوو کە شانەیەکی زۆر وردی لە گەڵدابووە ،** 70 **کەسیش ماددەی کیمیایی یان لەکارهێناوە .**
**نزیکەی دوو تا چوار ڕۆژان پاش تەواوکردنی چارەسەرکردنەکە کۆنترۆڵی ئەو کەسانە کراوە کە ئەو گیاندارە گچکەیان هەبووە . پاشتر ئەوانەی تاقیکردنەوەکەیان لەسەرکراوە لە ئامارێکدا ڕای خۆیان لەسەر هەردوو شێوەی چارەسەرکردنەکە کردووە .**
**لە ئەنجامدا دەرکەوتووە ئەوانەی کە ئەو شانە وردەیان بەکارهێناوە** 4 **جاران زێدەتر ڕای باشیان هەبووە وەك لەوانەی ماددەی کیمیاییان بەکارهێناوە .**
**بە پێی ئامارەکە لە** 57٪ **یان هیچ ئەسپێ یان لە قژدا نەماوە وەلێ ئەوانەی ماددەی کیمیاییان بەکارهێناوە تەنیا لە** 13٪ **یان چاکبوونەتەوە .**
**هەرچەندە ڕێژەی** 57 **زۆر بەرز نییە وەلێ ئەوە دەسەلمێنێت ئەمرۆ لەو مێتودە باشتر لەبەردەستادا نییە .**

**سەرچاوە**


1– هەفتەنامەی (Dagens Medicin) ی سوێدی ژ . 33 ی ڕۆژی 050817 .